## بەس ئاغا دۆلاریان لێ نەبڕێ ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

مژدە بەرن بۆ ئاغا
بلێن عێراق دابەش کرا
ئەوەی ئێوە بەتەمای بوون
دەستی پێ کرد بێ زویر بوون
چاوەروان نەبوون وابەزویی
خەون وئاواتان بێ تە دی
بێ چاوو بزکردنەوە وتورەبوون
هەمووسەلماندیان پیاوی تۆبوون
یەکەم جار باس لە دیموکراتی ئەکرا
وردە وردە ئەوەی هەبوو پێ شێل کرا
من باس لەباشوری عێراق ناکەم
هەتاماون روناکی تیا بەدی ناکەم
ئاغا کارێکی وای کردوە
سونەو شیعەی بەودەردە بردوە
هەتامابن لەژیان ئەبێ وابن
خەریکی کوشتن ودووبەرۆك بن
گەرباسی خۆشمان بکەین
ئەواگەندەلێ بڵاو ئەکەین
بەس ئاغا دۆلاریان لێ نەبڕێ
ئەمان هێچ داواکاریان لێ ناوێ
ئیتر کوردستان چی بەسەربێ
باچاوی دانیشتوانەکەی دەربێ
گەربەم شێوەیە دنیا وا بروا
هەموو نۆکەرتن لەپێش ودوا
پال پشتی لی بەرەوە ئاغاگیان
دەستت ناکەوێ نۆکەر وەك ئەمان